
# دەربارەی دەقی «پاڵنەرەکان و چارەنووسیان»ی فرۆید

(غەریزەکان و هەڵبەزودابەزیان)




**ژانمیشێل کینۆدۆز**

**و. عەلی ئەحمەد**

## * تایبەتمەندیی گشتیی پاڵنەرەکان (غەریزەکان)

لە سەرەتاوە زاراوەی «پاڵنەر» («pulsion»)، کە لە زمانی فەڕەنسیی ئەمڕۆدا وەک زاراوەی ئەڵمانی «Trieb» وەردەگێڕدرێت، وەک «غەریزە» بۆ زمانی فەرەنسی وەریاندەگێڕا، چونکە جەیمس سترەیچی لە چاپە ستانداردەکە [ی کۆبەرهەمی کارەکانی فرۆید]دا زاراوەی «Trieb» بۆ زمانی ئینگلیزی وەک «غەریزە» (instinct) وەرگێڕاوە. فرۆید لەمیانی گەشەدان بەو بیرۆکانەی کە لە «سێ وتار دەربارەی تیۆری سێکسوالێتی» (1905)دا شێوەگیربوون، پاڵنەر وەک ئەو هاندەرە دینامیکییە دیاریدەکات کە سەرچاوە، مەبەست و ئۆبێکتی هەیە، و سرووشتی پاڵنەر وەسفدەکات. پاڵنەر وەک هێزێکی بەردەوام کاردەکات و هاوتای پێویستییەکە کە تەنێ بەڕێگەی «تێربوون»ـەوە لادەبرێت، تێربوونێک کە هاوتای مەبەست (ئامانج-aim)ـی پاڵنەرەکەیە. فرۆید مۆدێلە سەرەتاییەکان، کە ناویاندەنێت «پاڵنەرەکان»، لە پێویستی بە خۆراک و تێربوونی سێکسی (زایەندی)دا کە لای هەموو تاکەکەسێک هەیە، دەبینێت. ئەگەر مەبەستی پاڵنەر هەمیشە تێربوون بێت، ئەوا ئۆبێکتی پاڵنەر، واتە ئەو ئۆبێکتەی کە پاڵنەر لە پەیوەندییدا بەوەوە یان لەڕێگەی ئەوەوە دەتوانێت بگات بە مەبەستی خۆی، گۆڕاو و هەمەڕەنگە: ئەم ئۆبێکتە دەکرێت وەکچۆن ئۆبێکتێکی دەرەکی بێت، واتە کەسێک لە دەوروبەری سوبێکتەوە، ئاوهاش دەکرێت بەشێک بێت لە جەستەی کەسەکە خۆی. بەگشتی دەتوانین بێژین کە ئۆبێکت بەڕێکەوتە (هاوتەباییەکی توند لە ناڤبەری پاڵنەر و ئۆبێکتەکەیدا نییە) و

دەتوانێت بە ئاسانی جێگۆڕکێ بکات: «لەو ڕێچکە پڕ هەورازونشێوەی کە پاڵنەر بەدرێژای ژیانی خۆی دەیبڕێت، دەشێت ئوبێکت چەندینجار گۆڕانی بەسەردا بێت و ئەم جێگۆڕینەش کۆمەڵێک کارکردی زۆر گرنگی هەیە»[1]. دواجار، مەخسەد لە سەرچاوەی پاڵنەر «ئەو پرۆسە جەستەییەیە کە لە ئەندامێک یان لە بەشێکی جەستەدا ڕوودەدات، پرۆسەیەک کە پاڵنەر بریتییە لە وروژێنەرەکەی لە ژیانی دەروونیدا» (ل. ٤٩). لە ڕاستیدا ئێمە تەنێ ناڕاستەوخۆ دەتوانین سەرچاوەی پاڵنەر بزانین «ئێمە لە ژیانی دەروونیی خۆماندا سەرچاوەکە تەنیا بەهۆی مەبەستەکەیەوە دەیناسینەوە» (ل. ٤٩).

سیستەمی دەماری ئەرکێکی لەئەستۆدایە، ئەویش زاڵبوونە بەسەر وروژێنەری پاڵنەردا: «سیستەمی دەماری، دەزگایەکە ڕۆڵەکەی بریتییە لە خۆلادان لەو وروژێنەرانەی دێنە ناوەوە، کەمکردنەوەی ئەم وروژێنەرانەش بۆ ئاستێکی هێندە کەم کە ڕێیتێبچێت [کەمترین ئاست]» (ل. ٤٤ـ٤٥). لەو دەمەدا فرۆید ڕایگەیاند کە ڕێکخستنی کارکردی چالاکی دەزگای دەروونی ملکەچی پرەنسیپی چێژ دەبێت و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەڕێگەی هەستوسۆزەکانی سەر بە چێژ/ژانەوە دەگۆڕێت: «هەستکردن بە ژان پەیوەندیی بە زۆربوونی وروژانەوە هەیە و هەستکردن بە چێژیش پەیوەستە بە کەمبوونەوەی وروژانەوە» (ل. ٤٦). لەم بنەمایەوە فرۆید پێناسەیەکی تازە بە چەمکی  پاڵنەر (غەریزە)

١. زیگمۆند فرۆید. پاڵنەرەکان و چارەنووسیان. وەرگێڕانی وەلید عومەر، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١، ل. ٤٩.

دەدات: «پاڵنەر دەبێتە چەمکێک بۆمان کە دەکەوێتە سەرسنوری نێوان هەریەکە لە دەروون و جەستەوە، و وەک نوێنەرەوەی دەروونیی ئەو ورووژێنەرانەی لە هەناوی زیندەوەرەکەوە سەرچاوەدەگرن و دەگەنە سەر دەروون، و وەک پێوەری ئەو پێویستییانە وایە کە لە ئەنجامی پەیوەندیی دەروون و جەستەوە، دێنە ناو دەروونەوە» (ل. ٤٧).

- **پاڵنەرەکانی خۆپاراستن و پاڵنەرە سێکسی (زایەندی)یەکان**

گەلەک جۆری پاڵنەر هەنە، لێ فرۆید وان بۆ دوو گرووپی سەرەتایی دەگەڕێنێتەوە: گرووپی پاڵنەرەکانی ئیگۆ (من)، یان پاڵنەرەکانی خۆپاراستن کە نمونەی برسێتی و شت خواردن دەگرێتەوە، و گرووپی پاڵنەرە سێکسی (زایەندی)یەکان. پاڵنەرە سێکسییەکان لە یەکەم دەرکەوتنی خۆیاندا نووساون بەو پاڵنەرانەی خۆپارستنەوە کە سەرچاوەی ئۆرگانیکی، ئاراستە و ئوبێکت بۆ پاڵنەرە سێکسییەکان دەنوێننەوە؛ تەنێ ئەو کاتەی کە ئوبێکتی دەرەکی وازلێهێنراوە، پاڵنەرە سێکسییەکان سەربەخۆی وەردەگرن. بۆ نمونە، کاتێک چێژوەرگرتنی کۆرپەلە لە مژینی مەمکی دایکی جێی باسە، تێربوونی ناوچەی ورووژێنەر ـــ دەم ـــ بریتییە لە چێژێکی ئیرۆتیکی کە گرێدراوە بە خواردنەوە، و تەنێ درەنگتر چێژی سێکسی، کە گرێدراوە بە مژینەوە، سەربەخۆ دەبێت. فرۆید ململانێی نێوان پاڵنەرەکانی خۆپاراستن و پاڵنەرە زایەندییەکان بۆ ڕیشەی ئەو پێکدادانە

دەگەڕێنێتەوە کە لە نیورۆسیسەکانی گواستنەوەدا دەردەکەوێت. هەر وەک ئەو زووتر پیشانیداوە، ئەم پێکدادانە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەدەگرێت کە ئەو پاڵنەرە سێکسییانەی وا لەڕێگەی فەنتازیاکانەوە تێردەبن و ملکەچی پرەنسیپی چێژ/ژان دەبن، دژ بەو پرەنسیپەی واقیع دەوەستنەوە کە لەلایەن پاڵنەرەکانی خۆپاراستنەوە دەنوێنرێتەوە، ئەم پاڵنەرانەش تەنێ لەڕێگەی ئوبێکتی واقیعییەوە (real object) تێردەبن: «بەشی سەرەکی ئامادەباشی دەروونیی بۆ نیورۆس پێکدێت لەوەی کە پاڵنەری سێکسی ئارەزوو ناکات فێربێت بایەخ بە واقیع بدات...»[2]. درنگتر فرۆید کەمتر گرنگی بە جیاکاری نێوان ئەم جۆرەی پاڵنەرەکان و بەو پێکدادانە دەدات کە لە کەسە عوسابییەکاندا تێبینیدەکرێت.

- **تێهەڵکێش (سەنتێز)ی پلەبەندیی پاڵنەرەکان**

دواتر فرۆید باسی ئەوە دەکات تایبەتمەندییە گشتییەکانی پاڵنەرە سێکسی (زایەندی)یەکان گەلەک زۆرن، ئەم پاڵنەرانە لە گەلەک سەرچاوەی جەستەیی بەشەکیەوە هەڵدەقوڵێن و پلەبەپلە خۆیان دەبەستنەوە بە کاتی پێگەیشتنی زایەندییەوە: «لە سەرەتاوە جیا لە یەکدی کاردەکەن و تەنیا لە قۆناغی دواتردایە دەگەنە تێهەڵکێشیێکی کەمتازۆر کامڵ. ئەو مەبەستەی کە هەموویان

[2] Freud S. (1911b: 140), «Formulations sur les deux principes du cours des événements psychiques», trad. J. Laplanche, in Névros, psychos et perversion, Paris, PUF, 1973.

هەڵپەیانە پێیبگەن، بەدەستهێنانی چێژی ئۆرگانییە؛ تەنیا ئەو کاتەی تێهەڵکێش (سەنتێز)ـەکەی لای سەرێ کامڵ بوو، ئەم پاڵنەرانە دەچنە خزمەتی کارکردی زاوزێ (وەچەخستنەوە)وە و بەدواشیدا بەگشتی وەک پاڵنەری سێکسی دەناسرێن»[3].

- **چارەنووسەکانی پاڵنەرە سێکسی (زایەندی)یەکان چین؟**

پێش هەموو شتێک فرۆید ڕوونیدەکاتەوە کە مەبەستی لە چارەنووسەکانی پاڵنەرەکان کۆمەڵێک شێوازی بەرگرییە کە بەڕووی پاڵنەرەکاندا دەبزوێن بۆ ئەوەی دژی چالاکی و پەرەسەندنی پاڵنەرەکان بووەستنەوە. بە نێرینی وی، دەشێت پاڵنەرێک تووشی ئەم هەڵبەزودابەز (چارەنووس)ـانەی لای خوارەوە ببێت: وەرگەڕان بۆ پێچەوانەکەی خۆی، هەڵگەڕانەوە بۆ لای سوبێکت خۆی لەجیاتی ئوبێکت، چەپاندن و بڵندبوونەوە. ئەو ئاماژەی پێدەدات کە وەرگەڕان بۆ پێچەوانەکەی خۆی و هەڵگەڕانەوە بۆ لای کەسەکە خۆی دوو پرۆسەی جیاوازن، لێ مومکین نییە بە جیا وەسفیان بکەین. یەکەم چارەنووس دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەبەستەی پاڵنەر کە دەتوانێت بۆ پێچەوانەکەی بگۆڕێت؛ دووەم چارەنووس پەیوەندیی بەو ئوبێکتەی پاڵنەرەوە هەیە کە دەکرێت هەر

---

٣. زیگمۆند فرۆید. پاڵنەرەکان و چارەنووسیان. وەرگێرانی وەلید عومەر، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١، ل. ٥٤.

کەسێکی دیکە بێت یان خودی کەسەکە خۆی. کەواتە، گەر بڕوانینە وەرگەڕانی سادیزم بۆ ماسۆشیزم، ئەوا تێبینی دەکەین کە ماسۆشیزم گۆڕانێک لە چالاکبوونەوە (ئەکتیڤێتی) بۆ ناچالاکبوون (پاسیڤێتی) و وەرگەڕانی ڕۆڵێک لە نێوان ئەو کەسەی ئازاردەدات و ئەو کەسەی ئەزموونی ئازار دەکات (ئازاردەچێژێت)، دەنوێنێتەوە. لە ساڵی 1915 دا فرۆید وایدادەنێت کە لە ڕەوتی گەشەدا سادیزم پێش ماسۆشیزم دەکەوێت؛ ئەو کاتە ئەو هێشتا دەربارەی بوونی ماسۆشیزمی سەرەتایی بیری‌نەکردبووەوە، کە لە 1924 دا ئەم کارەی کرد. لەم دەقەدا (1915) ئەو سادیزم وەک شەڕەنگێزی‌یەک پێناسەدەکات لە پەیوەندیی‌دا بە کەسێکی دیکەوە، بەجۆرێک لەم شەڕەنگێزییەدا چێژی سێکسی نییە؛ تەنێ لە قۆناغی ماسۆشیزمدا ئازار هاوەڵی ورووژانی سێکسی دەکات؛ و ئەگەر کەسی سادیستی ئەزموونی چێژی سێکسی بکات، کاتێک ئازاردەدات، ئەوا ئەمە بەهۆی هاوشوناسبوونەکەی وی لەگەڵ ئوبێکتە ژانچەشتووەکەدا ڕوودەدات: «چونکە هاوکات بەوەی ئەم ژانانە بەسەر کەسی تردا پیادەکران ئیدی سوبێکتی سادیستی‌یش بەهۆی هاوشوناسبوونەوە لەگەڵ ژانچەشتووەکەدا، دەستی بە چێژێکی ماسۆشی دەگات. هەڵبەت لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەوە ژان خۆی نییە بەڵکو ورووژانی سێکسییە لەگەڵیدا کە دەبێتە سەرچاوەی چێژ ـــ ئەم حاڵەتانە بەتایبەت لە دۆخی سادیستی‌دا سەرهەڵدەدەن» (ل. ٥٩). دواتر فرۆید لێکۆڵینەوەی لەو وەرگەڕانە لێکچووانە دەکات کە لە ڕووتبینی (voyeurism) و ڕووتنوێنی (exhibitionism) دا ڕوودەدەن.

### • خۆشەویستی و ڕق: پەیوەندیی وان بە پاڵنەرەکانەوە چییە؟

فرۆید ڕوودەکاتە پرسی خۆشەویستی (عەشق) و ڕق لە ڕوانگە جووتهەستی(ambivalence)یەوە. ئەو هێدی هێدی دەگاتە ئەنجامێک کە ئەم باندۆرە ئاڵۆزە ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوە لە پێکدادانە دەروونییەکانی نەخۆشەکانی ویدا دەبینێت: «مادام عادەتەن ئەم دوو هەستە ڕوویان لە یەک ئوبێکتە، ئیدی پێکەوەهەڵکردنیان باشترین نمونەیە بۆ جووتهەستی سەر بە هەستەکان» (ل. ٦٥). ئینجا ئەو ناکۆکییەکی گرنگ بەگەڕدەخات: خۆشەویستی و ڕق هەستن نەک پاڵنەر، کەواتە دۆخی ئەم هەستانە لە پەیوەندییدا بە پاڵنەرەکانەوە چییە؟ ئەو پرۆسە بنەڕەتییانە کامانەن کە لە کاتی گەشەی خۆشەویستی و ڕقدا ڕوودەدەن؟ بە کام شێواز فۆرمە سەرەتاییەکانی خۆشەویستی بە دەرخەری «خۆشەویستی وەک گوزارشتی هەموو مەیلە سێکسییەکان» (ل. ٦٦) بزانین؟ فرۆید چەند لاپەڕەیەک بۆ ئەم پرسیارانە تەرخاندەکات، کە من پێموایە زۆر گرنگن و ناکرێت هیچ ڕستیەکیان لێدەرکەین و پەیوەندیی مشتومڕەکە ببچڕین. لێ من تا ئەو ڕادەیەی بتوانم هەوڵدەدەم هێڵە سەرەکییەکانی گفتوگۆکەی وی ڕوونبکەمەوە.

- **خۆشەویستی و ڕق لە سەرەتای ژیاندا**

لە گۆری فرۆید بە دراسەکردنی دژیەکی خۆشەویستی و ڕق، ئێمە دەبینین ژیانی دەروونیمان بەگشتی لەژێر کۆنترۆڵی سێ جەمسەربەندیدایە: ١) جەمسەری ئیگۆ—نا-ئیگۆ (یان سوبێکت—ئوبێکت)، کە پشت بەوە دەبەستێت گەر بێتو ئەو وروژێنەرانەی کە دەگەن بە ئیگۆ سەرچاوەی دەرەکی یان ناوەکی بن؛ ٢) جەمسەری چێژ—ژان (ناخۆشی)، کە پشت بە چۆنێتی هەستوسۆزەکان دەبەستێت؛ ٣) جەمسەری چالاک—ناچالاک، کە بە بۆچوونی فرۆید دژیەکی پیاوانە—ژنانە دیاریدەکات. چۆن ئەم سێ دژیەکییە لە سەرەتای ژیانی دەروونی زارۆکدا ڕێکخراون؟

لە سەرەتادا ئیگۆ دەبێتە جێی خەرجەوزەی پاڵنەرەکان و خۆی تاڕادەیەک تێریاندەکات. بەم دۆخە دەڵێین «نارسیسیزمی سەرەتایی»، کە تێیدا ئیگۆ پێویستی بە جیهانی دەرەکی نییە، چونکە خودئیرۆتیکییە: «لەمیانی ئەم قۆناغەدا ئیگۆ-سوبێکت هاوتایە بە هەر شتێکی چێژبەخش و دونیای دەرەوەش هاوتای هەر شتێکی بێبایەخە (یان ئەوەی ڕەنگە سەرچاوەی وروژانی ناخۆش بێت)» (ل. ٦٨). دواتر، لەبەر ئەوەی ئیگۆ ناتوانێت لە وروژێنەرە ناوەکییە ناخۆشەکان بۆ نمونە هەستەکانی برسێتی و پێویستی وەرگرتنی خۆراک لە سەرچاوە دەرەکییەکانەوە هەڵبێت، ئەو ناچارە لە دۆخی ئیرۆتیزم دەرچێت و ئاراستەی ئوبێکتە دەرەکییەکان بێت. ئەو باندۆرەی، کە ئوبێکتەکانی جیهانی

دەرەکی ئینجا لەسەر ئیگۆ (من) دایدەنێن، ڕێکخراوبوونێکی تازە لە جەمسەری چێژــــــژان (ناخۆشی)دا پێکدەهێنێت: «ئیگۆ هەموو ئەو ئوبێکتانەی کە خراونەتە بەردەمی و وەک سەرچاوەی چێژی وی کاردەکەن، ڕادەکێشێتە ناو خۆی، یان گەر بمانەوێت سود لە زاراوەکەی (فێرێنزی) وەربگرین، ناوهاوێژییاندەکات و لە لایەکی دیکەشەوە هەر شتێکی ناخۆشی ناو خۆی دەهاوێژێتەدەرەوە» (ل. ٦٩).

- **دابەشبوونی بنەڕەتی لەسەر بنەمای ئیگۆی چێژوەرگری پەتی**

سەرەنجام، دابەشبوونێکی بنەڕەتی (سەرەتایی)ی ئیگۆ ڕوودەدات، ئێستا ئەمە دابەشبوونێکی ئاسایی لە نێوان جیهانی ناوەوە (ئیگۆ-سوبێکت) و جیهانی دەرەکی (بێباکی و ناخۆشی) نییە، بەڵکو دابەشبوونێکە لە ناڤبەری «ئیگۆ-چێژ»ێک کە ئەو ئوبێکتانە دەگرێتەخۆی وا دەبنەهۆی تێربوون، لە لایەک، و جیهانی دەرەکیدا کە دەبێتە سەرچاوەی ژان (ناخۆشی)، لە لایەکی دیکەوە، چونکە وەک بوونێکی بێگانە درکی دەکات: «بەم شێوەیە، "ئیگۆ-واقیع" (Real-Ich)ی بنەڕەتی، کە بە یاریدەی پێوەرێکی ئوبێکتیڤی شیاو، ناوەوە و دەرەوە لێکجیادەکاتەوە، وەردەگەڕێت بۆ "ئیگۆ-چێژ"ێک (Lust-Ich)ی پەتی، کە خەسڵەتی چێژ لە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە بۆی. بە لای "ئیگۆ-چێژ"ەوە دونیای دەرەوە دەبێتە دوو بەشەوە: بەشێکیان چێژبەخشە کە ئیگۆ

بەرەو ناو خۆی کەمەندکێشی کردووە، پاشماوەکەشی دەرهەق بە "ئیگۆ-چێژ، ماهیەتێکی دەرەکی هەیە» (ل. ٦٩). وەکی دن، لە قۆناغی نارسیسیزمی سەرەتاییدا، ئوبێکت دژیەکییەک لە نێوان ڕق—خۆشەویستیدا دەئافرێنێت: «دونیای دەرەوە و ئوبێکتەکان و شتانی ڕقلێهاتوو هەموویان یەکێکن. گەر دواتر ئوبێکتێک بە سەرچاوەی چێژ بناسرێت، دەکرێتە جێی خۆشویستن، بەڵام بەرەو ناو ئیگۆش ڕادەکێشرێت؛ سەرەنجام جارێکی تر بە لای ئیگۆ/چێژی پەتییەوە، ئوبێکتەکان لەتەک شتانی دەرەکی و ڕقلێهاتوودا وەکیەک وەردەگیرێن» (ل. ٧٠).

- **خۆشەویستی وەک گوزارشتی مەیلی سێکسیی گشتەکی**

بەم شێوەیە، کاتێک ئوبێکت دەبێتە سەرچاوەی چێژ، ئێمە دەڵێین ئەو ئوبێکتەمان خۆشدەوێت، بە پێچەوانەشەوە، کاتێک ئوبێکتەکە دەبێتە سەرچاوەی ژان (ناخۆشی)، دەڵێین ڕقمانلێیەتی. لێ فرۆید دەپرسێت: ئایا ئێمە دەتوانین لەبارەی پاڵنەرەوە لە زمانی باودا بڵێین کە ئەو پاڵنەرە ئوبێکتی خۆشدەوێت؟ بێگومان، نەخێر، فرۆید بەرسڤدەداتەوە، هەروەهاش ئێمە ناتوانین بڵێین پاڵنەر ڕقی لە ئوبێکتە. لەبەر ئەوە، ئەو جەخدەکاتەوە کە «ناتوانین ڕوانگەکانی عەشق (خۆشەویستی) و ڕق دەرهەق بە پەیوەندیی پاڵنەرەکان و ئوبێکتەکان بەکاربێنین، بەڵکو دەبێت بۆ ئاماژەکردن بە پەیوەندییەکانی کۆی ئیگۆ بە ئوبێکتەکانەوە

بەکاریانبێنین» (ل. ٧١ــ٧٢). لە پەیوەندیی‌دا بەو ئوبێکتانەی کە خزمەت بە خۆپاراستنی ئیگۆ (وەک خواردن و هاوشێوەکانی) دەکەن، ئێمە ئەو وشانەی، کە دەتوانین بەکاریانبێنن، تەنیا ئەمانەن: «دڵ پێووە بوون، حەزلێکردن...».

کەواتە دۆخی خۆشەویستی چی دەبێت کاتێك دەگاتە گەشەی تەواوەتی؟ فرۆید بێ‌دوودڵی ڕایدەگەنێت کە خۆشەویستی (عەشق) لە قۆناغی زاوزێ‌دا سەرهەڵدەدات کاتێک تێهەڵکێشی پاڵنەرە بەشەکییەکان لە ئیگۆی کۆگیردا ڕوودەدات: «گونجاوترین حاڵەت بۆ وشەی "عەشق" بە لامانەوە ئەوەیە بۆ پەیوەندیی ئیگۆ بە ئوبێکتە سێکسییەکەی خۆیەوە بەکاربێنین. ئەم بابەتە ئەوەمان فێردەکات کە تەنیا دوای ئەوەی هەموو پێکهێنەرەکانی پاڵنەر کە پێکهاتەی سێکسوالیتەن، بەهۆی ئەولەویەتی ئەندامە زاوزێکانەوە لە خزمەتی کارکردی وەچەخستنەوەدا پێکەوە گەیشتنە سەنتێزێک، دەتوانین ئەم وشەیە دەرهەق بەم پەیوەندییە بەکاربێنێن» (ل. ٧٢ــ٧٣).

ئەوەشی پەیوەندیی بە بەکارهێنانی وشەی «ڕق»ـەوە هەیە، تا ئەو ڕادە توونده هۆگری چێژی سێکسی نییە وەک ئەوەی خۆشەویستی‌دا دەیبینین؛ وادیارە، تەنێ لە پەیوەندیی‌دا بە ژانەوە ئەو وشەیە پێناسەدەکرێت: «ئیگۆ لە هەموو ئەو ئوبێکتانە بێزارە [ڕقهەڵدەگرێت] کە سەرچاوەی هەستی ناخۆشن بۆی، بە نیەتی لەناوبردنیشیان شوێنیاندەکەوێت؛ بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ ئوبێکتەکانی لای سەرەوە بە مانای شکستهێنانن لە تێربوونی سێکسی‌دا یان شکست لە

تێربوونی پێویستییەکانی خۆپاراستندا» (ل. ٧٣). بۆ فرۆید، سەرچاوەی ڕق، زیاتر لە ژیانی سێکسیدا، پێویستە لە ململانێی ئیگۆدا لەپێناو خۆپاراستندا بەدوایدا بگەڕێین؛ واتە لە ڕقێکدا کە ئەزموونی ئەو ئوبێکتە دەکات وا پاڵنەری خۆپاراستن تێرناکات. بە بۆچوونی فرۆید، سەرچاوەی ئەو پێکدادانەی جووتهەستی کە بەڕوونی لە نیۆرۆسەکاندا دەردەکەوێت، هەر ڕێک لەوێدایە، لە ئاستی خۆپاراستندا.

## • پەیدابوونی خۆشەویستی و ڕق لەمیانی گەشەدا

لەسەرەتاوە، فرۆید پێمان دەڵێت، ئیگۆ توانستی هەیە بەشێک لە پاڵنەرە خودئیرۆتیکییەکانی خۆی تێربکات و بەم پێیەش خۆشەویستی نارسیستییە. ئینجا ئیگۆ ڕوودەکاتە ئوبێکتەکان: «عەشق لەسەرەتاوە، ماهیەتێکی نارسیستیی هەیە، پاشان ڕوودەکاتە کۆمەڵێک ئوبێکت کە بەرەو ناو ئیگۆ کێشدەبن (ئەو ئیگۆیەی وا پتر فراوانبوونەتەوە)، و دەرخەری هەوڵە داینەمۆییەکانی ئیگۆیە بە ئاراستەی ئەم ئوبێکتانەدا، ئەو ئوبێکتانەی کە لە ڕاستیدا سەرچاوەی چێژن» (ل. ٧٤). ئینجا فرۆید باسی قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆشەویستی دەکات و لە یەکەم ئامانج (مەبەست)ی خۆشەویستییەوە دەستپێدەکات: هەڵمژین و قوتدان، قۆناغێکی جووتهەستەکییە، کاتێک تاکەکەس نازانێت ئایا بە خۆشەویستی یان ڕقەکەی خۆی ئوبێکت لەناودەبات. پاشان قۆناغی پێش زاوێ سادیستی-کۆم دێت و لە

دواجاریشدا قۆناغی زاوزێ: «تەنیا پاش ئەوەی ڕێکخستنی زاوزێ (جێنیتاڵ) دەڕسکێت، عەشقیش وەک خاڵی پێچەوانەی ڕق دەردەکەوێت» (ل. ٧٤). فرۆید لە ئەنجامدا ئەوە دیاریدەکات کە ڕق کۆنترە لە خۆشەویستی (عەشق )، چونکە خۆشەویستی درەنگتر سەرهەڵدەدات، واتە کاتێک سەرهەڵدەدات کە ئیگۆ دەگۆڕێت بۆ «ئیگۆی کۆگیر».

ڕێک هەر ئەمە سروشتی جووتهەستی ڕووندەکاتەوە، کە خۆشەویستی (عەشق) هاوەڵی ڕق دەکات لە پەیوەندیی‌دا بە هەمان ئوبێکتەوە. «ڕق، کە ئاوێتەی عەشقە، ڕیشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغە بەراییانەی خۆشویستن وا بەتەواوی تێنەپەڕێنراون؛ ئەم ڕقە لەسەر ئەو کاردانەوانەش وەستاوە کە لەلایەن پاڵنەرەکانی ئیگۆوە لە قاڵبی ڕەتکردنەوە و نکۆڵی‌دا دەڕسکێن، کۆمەڵێک کاردانەوە کە بە ڕەچاوکردنی ململانێ چەندبارەکان لەنێوان خولیاکانی ئیگۆ و خولیا وەدەستهاتووەکانی عەشق‌دا، دەتوانن لە ئەنگێزە ڕاستەقینە و تازەکانیشدا خۆبگرن. بۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەم ڕقەی کە ئاوێتەی عەشقە، ڕیشەی دەچێتەوە سەر پاڵنەرەکانی خۆپاراستن» (ل. ٧٥). لە ئەنجامدا فرۆید ئەو هەستەی ڕق بەبیردێنێتەوە کە لە ئەنجامی پچڕانی پەیوەندییە خۆشەویستییەکان لەگەڵ ئوبێکت‌دا سەرهەڵدەدات، و ئاماژە بەوە دەدات کە لەم حاڵەتانەدا «ئەو هەستەمان لەلا درووست‌دەبێت، عەشقەکە گۆڕاوە بۆ ڕق» (ل. ٧٥)، بەڵام ڕوونی‌ناکاتەوە مەبەستی لەم وەرگەڕانە هاوشێوەیە چییە. ئەو ئاماژە بەوەش دەدات کە بۆ ڕق ئیمکانی وەرگرتنی سروشتێکی ئیرۆتیکی هەیە کاتێک

دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سادیستی، کە ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی دواتر کە تەرخانن بۆ سادۆماسۆشیزم و هەروەهاش بۆ پێکدادانە بنەڕەتییەکەی ناڤبەری پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ.

سەرچاوە (ڕووسی):

Киндо Ж.- М. Читая Фрейда: изучение трудов Фрейда в хронологической перспективе/ Пер. С фр. О. Я. Журавлева.–М.: «Когито-Центр», 2012.- с. 205 — 210.